www.kurdistannet.org
28-5-2006 14:53بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## دیسانەوە ئەردەڵان عەبدوڵڵاوهاشاوڵ بردن بۆ هونەرمەندان. ... فەرهادی نەورۆزی

کابرایەکی دڵ ڕەش وکینە لەدڵ هەیە ناوی (ئەردەڵان عەبدوڵا) یە. ئەوکاك ئەردەڵانە گەربەدارشتنی ڕێزمانی پێناسەی بکەی بەقەدەرئینشایەك ڕستەی ناجۆری لێ دەردەچێ. !!!! گەرهەربەخێراییش بێت چاوێك بەبابەتەکانی کاکی نووسەربگێڕین دەبینین لەتاکە نووسینێك یدا چواردێرت بەرچاوناکەوێ لەخزمەتی ڕۆشنبیری و ئەدەبی وفەرهەنگ، یاخود دۆزی ڕەوای کورد دابێت. بەڵکوتوانج گرتن لەم، تانە لەو، پیا هەڵشاخان بەیەکێکی تر، خۆفەرزکردن، ورتەوبۆڵەبۆڵ و.... هتد. ئیتر ئەوەپیشەی ئەوقەڵەم کۆڵەوارەیە. لەتازەترین نووسینی دا دوێنی لەماڵپەڕی کوردستان نێتی بەڕێزدا نۆرەی هاتووەتە سەرهونەرمەند زەکەریا. هەرلەسەرەتاوەخۆی دەزانێ چی دەنووسێ وچی نووسیوە، پاکانەی ئەوەدەکا (وەڵا من هیچ کێشەیەکی شەخسیم لەگەڵ زەکەریا نیەو.... . ) دواترتاهێزی پەنجەی هەیە بەکیبۆردی کۆمپیوتەرەکەیداکیشاوەوچی لەدڵەڕەشەکەیداهەیە بەوهونەرمەندەیدا خالی کردووەتە. ئەمەگوایەحەق بێژە.

خۆمن دەزانم کاك ئەردەڵان کوێی دێشێ وخەسو بەتۆمە و بووکێ گوێت لێ بێ، ی نووسیوە. !ئەگین بۆناوی ئەوسێ سەرکردە تێکۆشەرانەی یەکێتیی هێناوە کەهەریەکەیان بەقەدەرتاڵەتاڵەی قژی سەری ئەردەڵان هەرپێڵاویان لەکوردستان دا دڕیوە. گەرلەڕۆژنامەکانی زمانحاڵی یەکێتیی وپارتی دا ئەوهەواڵە بڵاونەکرایەتەوە ڕەنگە کاکی نووسەربەوجۆرەزۆربێ ئەدەبی نەنواندایە. هەرچەندە هەق نیەهیچ تەعلیقێک لەسەرقسەی کەسانی وابنووسرێ. چونکەهەرئەم کەڵە نووسەربوولەوماوەیەی ڕابردوودائاودامانی باڵای بەرزی ناسری ڕەزازی بوو.

هەرپێرێ ش بوو بێ دەستنوێژناوی مامجەلالی هێنا. تۆیەك گەرپیاوێکی پەرێزپاك بیت لەسەفەرەکەت بۆکوردستان بۆچویتە کوردستانی ڕۆژهەڵات وەك خۆت دەڵیی بۆنەچویتەوە (هەڵبجە) شارەکەی خۆت ؟.
دوێنێ تەشەرت لە ڕەزازی، ئەمرۆلە زەکەریا، لەوپەراوێزەداگاڵتەبە میدیاحسێن وعەلی یارەو نوری گەرمیانی وخولەدۆم. ئەی ئێترکێ باشە؟؟؟. خۆ خۆتیش کەباس لەکوردایەتی دەکەیت ناوی میللەتانی عەرب وعەجەموتورك ت خستووەتە پێش ناوی نەتەوەکەی خۆتەوە. !
زۆربەی زۆری هونەرمەندانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دۆست وهاوڵی شەخسی زەکەریان.
هەروەها چەندین کاسێتی ئەوهونەرمەندە لەتۆمارگەکانی سەقزوبانەومهابات ومەریوان ڕۆژانە دەفرۆشرێن. ئیتر چۆن شەرم ناکەی دەنووسی (لە ئێران کاتێک باسی زەکەریام بۆ دەکردن وا یاندەزانی باسی عەرەب یان بۆدەکەم) . مەعقولە کابرایەك زیاد لە10دەساڵە چەندین سی. دی خستوەتە بازاڕەوە تا ئێستا لای کوردی ئێران ناناسرێ؟!یاخود خۆسەفەری جەنابت بۆ کوردستانی ئێران پێش ئەم هەواڵە بوو. گەرتۆ شتێکت بەرامبەربە زەکەریای هونەرمەند نیە خێر بوو واچووبوی لەوێندەرێ ناویت هێنابووە ناوان؟یاخود تەنهابۆڕیکلامی وی چووبویت؟
تۆیەك هێندە بەڕەوشتی بینەران وگوێبیستانی ئەوهەنەرمەندە بە (مێگەل) دەخەملێنیت!لەولاشەوە خەمی ئەوە دایرزاندوویت کە هیچ هونەرمەندێ، قەڵەمێ، ڕۆشنفکرێ، نووسەرێکی خۆت ئاسا لەوزانیارییەی لەسەرزەکەریا بڵاوکراوەتەوە لێکۆلینەوەیان نەکردووە. ماشائڵڵا لەم لێکۆڵینەی جەنابت. جاتخوا ئەوەلێکۆڵینەوەیە تۆداتگرتووە یاخود لێکۆڵینە. ؟ئێترباس لەهەڵە ئیملاییەکانت ناکەم. باشترە دەمت دابخەی تاکەسی ترلێت ڕاست نەبووەتەوە. چونکە پەتی درۆکورتە گیانە.

فەرهادی نەورۆزی
مانهایم/ئەڵمانیا.